# پێناسەی باڵبەندی یان بەرە

سۆران شێرزاد



سەرەتا پێویستە بڵێین کە لە زانستە سیاسی‌یەکاندا ڕێککەوتنێکی گشتی و دیاریکراو لە سەر زاراوەی باڵ و باڵبەندی نییە. لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو بارەوە ئەنجام دراون، زاراوەی باڵبەندی بە سێ واتا بەکار هاتووە. یەکەم بە مانای گروپبەندی لە شەڕی ناوخۆیی، دووەم بە مانای گروپبەندی لە نێو حیزبێکی سیاسی دا، سێهەم بە مانای پێشبڕکێ لە ناو یەك سیستەمی حکومەتیدا. زۆربەی لێکۆڵینەوە ئاکادیمیەکان لەسەر چەمکی دووهەم کراون، لە وانەیە هۆیەکەشی ئاشکرا بێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا زۆربەی تۆژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کێشەو گرفتە بەردەوام و مێژووییەکانی کۆمەڵگاکانیان ئەنجام دەدرێن. لەو وڵاتانە دا سیستمێکی حیزبی لێهاتوو هەیە کە خاوەن ئەزموونێکی چەند سەد ساڵەیەو تێیدا باڵبەندیی سیاسی وەکو کێشەیەکی گرینگ و خێرا کە کار دەکاتە سەر سیاسەتدارێژی سەردەم، سەیر دەکرێ. هەر لە بەر ئەوە، ئەو تۆژینەوانەی لە زانکۆکان و بنکەکانی لێکۆڵینەوەدا لە سەر ئەم بابەتە ئەنجام دراون و دەدرێن کاریگەرێکی خێرایان هەیە بە سەر ژیانی خەڵکەوە. هەر لەبەر ئەوەش توێژینەوە لە سەر گروپبەندی ناو حیزب تەنیا بە کیشەیەکی تۆڕە

زانستی و ئاكادیمیەكان ناژمێردرێت و تایبەت نییە بە لێكۆڵینەوەی گوماناوی و زانستی و مەنتقی.

چەمكی تر واتا گروپبەندی لەنێو شەڕە نێوخۆییەكاندا هەر لە بەر ئەو هۆیەی كە پێشتر باسمان كرد بایەخی پێدراوە بەڵام بێگومان كێشەو دیاردەی شەڕی ناوخۆ، وەكوو كێشەی حیزبایەتی بەردەوام نییەو دووبارە نابێتەوە هەر لە بەر ئەوەش بە ئەندازەی كێشەی دەروون حیزبی بایەخی پێ نەدراوە. ئەو دەستەواژەی لەو نووسینە مەبەستمانە چەمكی سێهەمە واتە پێشبڕكێی ناو سیستەمی حكومەتی وڵات و خۆمان لە قەرەی دوو حاڵەتەكەی دی نادەین. لە ئەدەبیاتی سیاسی دنیادا چەمكی باڵبەندی و باڵ و بەرەو گروپبەندی بە مانای جیا جیا لێك دراوەتەوە كە خۆی نیشانەی گرینگی زۆری كێشەكەیە لە بواری سیاسی وڵاتدا. لە هێندێك كۆمەڵگادا ، زاراوەی باڵ و باڵبەندی مانای سلبی لە خۆ گرتووە وبە مانای دووبەرەكی، ناكۆكی، گەندەڵی، بەرژەوندی خوازی، گوشاری ناوخۆیی، ناكارامەیی و ناسەقامگیریی سیستەمی وڵات دێ.

بەڵام هەمان زاراوە، باڵ و باڵبەندی كاربەندی نوێتری هەیە و بە مانای ئیجابیش بە كار دەهێنرێت. لێرەدا ئاماژە بە بوونی ئازادی، پێكەوە ژیان، فرە لایەنی، ئاشتی سەقامگیری، پوختەیی و ئاڵۆزی دەكرێت بە واتایەك ئەم دیاردانە هەردووكیان ڕاستن. بە واتایەكی تر باڵبەندی هەم دەتوانی هۆكاری شلەژان و تێك چوونی و لە بەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بێت (یانی سیستمی سیاسی دەوڵەت) و هەم بناغە داڕێژی پێشكەوتن بۆ ئەو سیستمە بێت دواتر ئاماژە بە حاڵەتە جیا جیاكانی دەكەین ئەگەر ئەو سیستمە لە گەڵ سیستمی ئێران لێك دەینەوە ئەم دیاردانە هەردووكیان ڕاستن بە شێوەیەكی تر باڵبەندی كە لە ساڵی ١٣٥٧ ك.هـ لە ئێران دروست بووە ،هەم دەتوانی زەمینەی ناسەقامگیری برەخسێنی و هەم دەتوانێ ببێتە هۆی هێنانە كایەی دامەزراوەی پووختەی پێشكەوتووی سیاسی. لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ك.هـ هەردوو نموونەی سلبی و ئیجابیمان هەبووە بۆ نموونە باڵبەندی سەرەتاكانی دەساڵەی (١٩٨٠) بوو بە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕێكی خوێناوی لە نێوان لایەنگرانی سیستمی تازە دامەزراوی كۆماری ئیسلامی و نەیارەكانیان (بەتایبەت لایەنگری ڕێكخراوی موجاهیدنی خەڵقی ئێران و ئەبولحەسەنی بنی سەدر سەركۆماری ڕابردوو، هەروەها ڕێكخراوە بچووكە كۆمۆنیستییەكان، لەوانە فیدائیانی خەڵق كەمینە(اقلیت) و ڕێكخراوی ئازادی بۆچینی كرێكار و چەند گرووپی چەپ كەلێرەدا پێویست بە ئاماژە پێكردنیان یە) دەكرێ ئەم جۆرە باڵبەندییە بە نموونەی باڵبەندی سلبی كە ئەنجامێكی تاڵ و خوێناوی و وێرانكەری هەبووە

له قەڵەم بدرێ. بەڵام بە رای نووسەران، باڵبەندی ناوەڕاستەکانی دەساڵەی ١٩٩٠ سیمایەکی تەواو جیاوازی بە خۆوە گرتووە هەرچەند ئاکامە ئیجابییە کۆمەڵایەتیەکانی سەر بە سەر شایانی پێشبینیکردنی زانستی نین بەڵام دەتوانین لە چەند لایەکی جیاجیاوە بە ئیجابی بینرخێنین و ئاکامە ئیجابیەکانی ببینین چونکە بووە هۆی بەرەو پێشبردنی چۆنێتی بیرکردنەوەو رەفتاری سیاسی لە ئاستی نەتەوەییدا. پێشتر ئاماژەمان پێ کردن.

**سەرچاوەکان:**

**باڵە سیاسییەکان لە ئێران دا**

**جناح هاو احزاب سیاسی**